کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-10-2007 1:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نیگیایەک لە مرواری.. هەناسەیەک لە وەنەوشە ... چیا یاسین

پێشکەشە بە ( (خامەی خانمانی نەتەوەکەم) ) ی حەمە ڕەشی هەرەس *

ئەو کاتەی کە منداڵ بووم و تا تەمەنی هەرزەکاریشم، هەموو کات خەونم بەوەوە ئەبینی کە ئەگەر منیش نێرینەیەك بومایە چی لەدەورو هەڵسوڕاوی گەردەن ئەگۆڕا لەجیاتی ئەوەی کەمێینەیەکم، بەڵام وایکرد خێزانی ئێمە کچ و کوڕ بوین، لەماڵی ئێمە جەندەر بالانسی کرد.



خەمی نێرینەیی ببوە خەون و ئامانجێکی ژیانم واملیێهات هەستم بە مێینەبوونی خۆم نەدەکرد، هەمیشە وامهەست دەکرد منیش نێرینەیەکم، ئەو کاتەش هیچ جیاوازییەکی فەسلەجیم لە نێوان جەستەی نێرینەیەك و مێینەیەکدا نەدەبینیەوە، کۆنە دراوسی و ئەو کەساتەی لێم نزیك بووندەگێڕنەوە کە گەلێك ڕوداوی سەرسوڕهێنەرم هەبوە لە تەمەنی 4-6 ساڵیمدا، هەمیشە جلوبەرگی کوڕانەم پۆشیوە، زۆرینەی هاوڕێکانم لە کۆڵان کوڕ بوون، هەروەها لە زۆر ڕەفتاریشمدا لاسایی کوڕانم کردۆتەوە، کە ئێستا ئەوانەی بەمنداڵی منیان ناسیوە کە بۆم باس دەکەن لەسەر جادەو کۆڵان چیمکردوە شەرم ئەگرێت، ژنێکی دراوسیمان هەر جارێ منی ببینیایە بە توانجو بزەوە کردارە منالیەکانی منی دەگێڕایەوە زوو زوش پرسیاری لەخوم دەکرد کە لەبیرت یەت؟؟؟ هەندێجار شەرم و هەندێکجار بێزار دەبوم، دایکیم ئەویوت ئاخر ئەوە زۆر بەلایەوە سەیر بووە بۆیە لەبیری ناچێتەوە.

جگە لەوەی کە زۆرجار بەجلی کوردی پیاوانەوە بووم کە خەڵك پرسیاری لە براکانم کردوە ئەم منداڵە کوڕە یان کچ، خێرا لە پێش ئەوانەوە وتومە کوڕم، بەڵام ئەمە هەتا ئەو تەمەنەی 6 ساڵی خایاند، کاتێکیش گەیشتمە قۆناغی فوتابخانە هەستم کرد تەواو ئەبێت قبوڵی بکەم کە کچم، چونکە لە قوتابخانەی کچان داخڵکرام و هاوڕێکانم بوون بە کچ، زۆرجارخەونم ئەبینی کە ئەگەر کوڕبومایە چ هەوڵ و کۆششێکم دەدا بۆ گەیشتن بەو شتانەی کە دەمویست، بەڵام کە ڕۆژ دەبۆوە زیندەخەونەکانم لەیاد دەچۆوە، بێهیوا دەبووم لە نەهاتنەدی خەونەکانم هەروەك ئەوەی من نەبوبم زیندەخەوم کردبێت، مێینە بوونی من خەمێکی گەورەم بوو کە بە ئاسانی بۆم هەزم نەدەکرا لەدوای 6 ساڵیش هەر بەردەوام بوو حەزم لە هەموو ئەو یاریانەبوو کە کوڕ دەیکرد، بە بیرم دی ڕۆژێك سواری پاسکیلی براکەم بووم تەمەنم گەیشتبوە 10 – 11 ساڵ ژنێکی ڕەزاقورسی دراوسێمان تەریقی کردمەوە وتی بەقەدەر ژنێك ئەبیت بەوکۆڵانانە سواری پاسکیل مەبە لینگەکانت بەملاولادا شۆرکردۆتەوە، ئێستاشی لەگەڵ بیت ئەو ژنەم خۆشناوی، هەروەك یاری ڕەسمێن لە جیاتی میروێنم دەکرد، هەمیشە لە یارییە کچانەکانی وەك خەتخەتێن و هەڵماقوو میروێن دەمدۆڕاند، نەمدەتوانی لە یارییە کچانەکاندا براوە بم، بەڵام هەمیشە پێشبڕکێم دەکرد بزانین کامان لە بەرزترین قادرمەوە ئەتوانین خۆمان هەڵدەین، هەمیشە دەمبردوە.

واملیهات، کاتێك وردە وردە گەورە بووم هەندێك گۆڕانکاری بەسەرمدا هات، تەواو زانیم کە ناتوانم لە کچەوە بگۆڕێم بۆ کوڕ بۆیە، سەرەنشت دەکرێم لەسەر هەندێك ڕەغتارم، برایەکم 2-3 ساڵ لەخۆم گەورەتربوو، ئەگەر شتێك ڕێگە بەو بدرایەو بە من نەدرایە خێرا ئەهاتمە جواب ئەموت ئەی ئەویش بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وایکرد، وەڵامەکەی ئەوە بوو ئاخر ئەو وڕ و تۆ کچیت، هەمیشە جۆرێك لە جورئەتم تیابوو بۆ بەرەنگاربونەوەی بەرامبەر، بەبیرم دێت ڕۆژێك دایکم ناردمی لەو بازارە بچوکەکەی لێمان نزیکبوو شت بکڕم بە جێگەیەکدا گەڕامەوە هەندێك چوڵ بوو بەسەر بەرزیەکەوە پشتی ڕیزەماڵێك بوو، کوڕێك ڕەنگە 2-1 ساڵ بەتەمەن لەخۆم گەورەتربوو بە پاسیکل هات بەلاما و ڕۆیشت ئەمە یەکەم جارم نەبوو کە بیبینم ئەمزانی ئەویش ماڵیان لەو ناوچەیەیە، خۆم لە گێلیدا، جارێکی تر بەلاما هات وقسەیەکی کرد لێی تێنەگەیشتم، منیش خۆم حازر کرد بۆ گەڕانەوەی بەردێکم هەڵگرت هەر کە بەرەو ڕوم هات خێرا بەردەکەم تێگرت و هەندێ قسەم پێویت لە قسە کلاسیکیەکانی کچ، (خوت خوشکت نیە، دایکت نیە، عەیب ناکەیت) .

لە منداڵیمدا جوان و خرپن بووم بچوکی خوشکەکانم بووم لەماڵەوە ناویان نابووم ناپاڵمە بچوکەکە بوو، منداڵێکی ڕۆحسوك و کەمدوو بوم، لەمنداڵیدا حەزم دەکرد گەورەکان لەخۆم ڕازی بکەم تا لێم تورە نەبن، نەمشکێننەوە، جۆرێك لە کەسایەتی خۆم ڕاگرتبوو، متمانەیەکی تەواوم بە خۆم هەبوو، کە تەمەنم گەیشتە سەروو 18 ساڵ خوشکەکانم لە زۆر ئەو شتانەی پەیوەندی بەخۆیانەوە بوو ڕای منیان تیا وەرئەگرت.

پاشان وردە وردە بە هۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەان و گوڕانکاری زیاتری خۆم هەستم بە بوونی خۆم کرد وە کچێ، زۆرێك لە کتێبە دەرونی و سایکۆلۆجی و زانستیەان خۆیندەوە، لەهەموو قۆناعەکانی ژیانمدا هاوڕێکانم ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە لەسەر هەموو شتێ من، کەسێ نەبووم لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە لێشاوێك هاوڕێم هەبوبێت، هاوڕێیەکم هەیە لە قۆناغی سەرەتاییەوە ئێمە هاوڕێن ئەوم هەر لەگەڵ بوو، هاوڕێانم بە پەنجەی دەست دەژمێررێن، هە ربۆیە وردە وردە هەوڵمدا هاوڕەگەزی خۆم بناسم لەهەموو ڕویەکەوە، لەتەمەنی هەرزەکاری حەزم دەکرد ببمە پێشمەرگە زۆر جار ئەو خەوەم لەگەڵ ڕەفیقەکانم باس ئەکرد، ئەوان هەندێك شتیان بیر ئەخستمەوە وەك بەربەستێ بۆ نەگەیشتن بەوە، وەك هەبوونی (سوڕی مانگانە لە کچاندا) منیش بەو پەڕەی قەناعەتەوە ئەموت جا چیە دەریئەهێنین.

بەڵام کاتێك هاتمە بواری ڕاگەیاندن و کارکردن لە بواری مافی مرۆڤ مافی ژنان هەموو شتەکان سەرەو ژوور بون و شتە ڕوکارە ناشرینەکان کە و تە ژێرەوەو جوانەکان کەوتنە سەرەوە، ئەو گۆڕانکاریەکی سەروبنی بەسەر ئەو بیروڕا هەڵەیەم هات کە هەموو شتێکی مێینەم لەلا سلبی بوو، لە ئەسلەوە دروستبونی مێینەم بە هەڵەیەك ئەبینی کەتەنها بۆ ژێردەستەییی وچێژبەخشین بە ڕەگەزەکەی تر دروستبوبێت، کەهیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەی نەبێت لەسەر خێزان و کۆمەڵگەو خەباتی نەتەوەیە. و هەمیشە خۆم هاوڕەگەزەکانی خۆم جێگەی بەزەیی بوون لەلام، بەڵام ئەم تێڕوانینە سلبیەم گۆڕا، ئەو کاتەی دەستم دایە قەڵەم بڕەوم بەخۆمدا کە دەبێت بنوسم لە پێناو هاوڕەگەزەکانم تا بە کۆمەڵگە بسەلمێنم کە بە بێ بوونی مێینە ژیان بەڕێوە ناچێت، کاتێکش کەسێك، هونەرمەندێك و نوسەرو ڕوناکبیرێك ودلسۆزی نەتەوەکەم، بەئاگا لە بارودۆخی ژیانی نەتەوەکەم، من بخاتە ڕیزی خانمە نوسەرەکانی نەتەوەکەیی و بەلای کەمەوە نوسینەکانم بنرخێنێت و سەنگ بداتە نوسینەکانم کە جیگەی خۆیان گرتبێت لەلای ئەو بەڕێزەو گەلێك خۆشحاڵی کردم و ڕۆحی خۆمم لەلا بەرز و ڕازاوە بوو، گەشەمکرد بە خوێندەنەوەی نوسینەکەی کە زۆر بەشێوەیەکی جوان ڕست ڕست وەك مرواری سپر ڕیزی کردبون، بوندار بوون بە بۆنی وەنەوشە، کە هەر خامێك ئەو پێشەکیە جوانەی نوسینەکەی بخوێنێتەوە، ئاواتەخوازە کە ئەویش یەکێك بێت لە خامەی ئەو خانمانەی ە بەڕێز حەمە ڕەشی هەرەس ناویهێناوە.

* لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (306) بڕوانە لاپەڕە 15

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.